# ڕووپێویەکی سەرەتایی بۆ شوێنەواری گردی قەرەئۆغڵان

**م.جزا شۆڕش حمه شريف**

مامۆستا، زانکۆی سلێمانی

jaza.hamasharif@univsul.edu.iq

**زانا عبدالكريم قادر**

د.شوێنەوار، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری سلێمانی

zana.karimqadir@gmail.com

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/١٢ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە**

گردی قەرەئۆغڵان یەکێکە لە شوێنەوارەکانی شارۆچکەی کفری، دووەم شوێنی نیشتەجێبوونە لە دووای ئا سکی کفری، ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری کفری ئێستا، لە دوو گردی سەرەکی پێکهاتووە، گردی یەکەم دەکەوێتە لای باکوری ڕۆژهەڵات زۆر بەرز نیە، لەم شوێنەدا ژمارەیەکی زۆر کەلاوە هەیە، دیواری کەلاوەکان لە بەردوو قسڵ و گەچ درو ستکراون، لە با شوری ڕۆژئاوای گردی یەکەم گردێکی شوێنەواری گەورە تر هەیە بەرزیەکەی نزیکەی (٥) م دەبێت و ڕووبەرەکەی نزیکەی ١کم[٢]، لە سەر ڕووی هەردوو گردەکە و شوێنەوارەکە بە گشتی ژمارەیەکی زۆر پارچە گڵێنەی جۆراو جۆر بڵاو بۆتەوە کە بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە، چەندین ڕۆژهەلاتناس و شوێنەوارناس سەردانی ئەم شوێنەوارەیان کردووە بەڵام تا ئێستا هەڵکۆڵینی شوێنەواری بە شێوەیەکی زانستی تیادا ئەنجام نەدراوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ ئەدەین مێژووی شوێنەواری قەرەئۆغڵان بخەینەڕوو بە پشت بە ستن بەو سەرچاوانەی کە دەربارەی ناوچەی توێژینەوەکە هەیە لەگەڵ ئەو بەڵگە شوێنەواریانەی لە کاتی ڕووپێوی شوێنەکەدا بەدەست هاتوون وەک (بیناسازی و گڵێنەکان)، دواتر لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەو بەڵگانەوە بە سەردەمە جیاوازەکان دەتوانین زانیاری دروست بخەینە ڕوو مێژوو شوێنەوارەکە دیاری بکەین.

**Abstract**

Karaoglan is an archaeological site located in the Kfri township, serving as the second settlement after Aski Kfri. Situated southeast of the present city of Kfri, the site comprises two prominent hills.

The first hill is located in the northeast of the town, while a larger archaeological hill lies to the southwest of the first.

Although a significant number of pottery fragments dating back to various historical periods have been discovered, they have yet to be published. Several orientalists and archaeologists have visited the site, but no formal scientific excavations have taken place.

In this paper, we aim to present the archaeological history of the Karaoglan site based on the available literature and archaeological evidence, including building materials and pottery uncovered during the site survey. By comparing these findings to different historical periods, we seek to establish a clearer understanding of the site's significance.

**پێشەکی**

کفری بە یەکێک لە کۆنترین ناوچەکانی گەرمیان دادەنرێت، بە هۆی ئەو پێگە جیۆپۆلەتیکەیەی هەیەتی هەر لە کۆنەوە ئاوەدان بووە، چەندین پاشماوەی گرنگی شوێنەواری لەم شارۆچکەدا بونیان هەیە، یەکێک لەو شوێنەوارانە گردی قەرەئۆغڵانە، ئەم شوێنەوارە ڕووبەرێکی فراونی هەیە لە ساڵی ١٩٤٥ ز لە لایەن تیمێکی بەڕیوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عراقی وەک ناوچەیەکی شوێنەواری تۆمار کراوە، ئەم شوێنە پێگەیەکی گرنگی مێژووی هەیە و شوێنی یەکلاکردنەوە چەندی شەڕی گەورە بووە، سەرەڕای گرنگی ئەم شوێنەوارە ئەوەی جێی سەرسوڕمانە تا ئێستا بە شێوەیەکی ئەکادیمی کاری کنەو پشکنینی تیادا ئەنجامنەدراوە، هەروەها ئەو سەرچاوانەی لە سەر ئەم شوێنەوارە هەیە کەمن، توێژەران زیاتر پشتیان بەو بەڵگە مادیانە بەستووە کە لەکاتی ڕووپێوی شوێنەوارەکە بەدەستیانهێناوە.

بە شێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوە میتۆدی شیکاری و بەراودکاریمان بەکارهێناوە، شیکاریمان بۆ سەرجەم ئەو وێنەو بەڵگە ماددیانە کردووە کە بەکارمانهێناون و بەراوردمانکردووە بە هاوشێوەکانیان لە ناوچەکانی تر.

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (ڕووپێویەکی سەرەتایی بۆ شوێنەواری قەرەئوغڵان) لە سەر چەند بابەتێک دەدوێین، لە دەروازەدا بە کورتی باسی سەردانکردنی شوێنەوارەکە و شوێنی جوگرافی گردی قەرەئۆغڵان دەکەین، دواتر ناوی قەرەئۆغڵان دەکەین، دواتر کورتەیەک دەربارەی ئەو ڕووداوە مێژوو یانەدەخەینە ڕوو کە لەم شوێنەدا ڕوویان داوە، هەروەها با سی بینا سازی و ئەو کەرە ستانە دەکەین لە درو ستکردنی خانووەکاندا بەکارهاتوون بە پشت بەستن بەو زانیاریانەی لە لایەن مستەر ڕیچەوە خراوەتەڕوو لەگەڵ پشاندانی ئەو وێنانەی کە لەناو ژوورەکاندا کێشراون، لە کۆتایدا باسی گڵێنەکان دەکەین و بەراوردکردنیان بە هاوشێوەکانیان لە ناوچەکانی تر، هەروەها لە دەرئەنجامدا گرنگترین ئەو خاڵان دەخەینە ڕوو کە بەدەستهاتوون.

١- دەروازە

١-١ سەردانی مەیدانی

دووای ئەوەی لە ڕۆژی ٢٠٢٤/٧/٢ لە لایەن ڕێکخراوی پاڵپشتی شاری کفری بۆ پەرەپێدان کەمپینی (هەفتەی پارێزگاریکردن لە شوێنەوارەکانی کفری ڕاگەیاندرا، بەشی شوێنەواری زانکۆی سلێمانی بانگێشتکرا تا پاڵپشتی کەمپینەکە بکات، بۆ ئەو مەبەستە سەرۆکی بەشی شوینەوارە بەشیک لە مامۆستایان لە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٢٤/٧/٤

سەردانی ئەو شارەمان کرد تا لە نزیکەوە ئاگادای کارەکانی کەمپینەکە بین و لەهەمانکاتدا لە نزیکەوە شوێنەوارەکانی شـــاری کفری بەســـەربکەینەوە، لە لایەن لایەنی پەیوەندیدارە بە تایبەتی قایمقامی قەزای کفری و بەڕێوەبەرایەتی شـــوێنەواری کفریەوە پێشـــوازی گەرممان لێکرا، دواتر ســـەردانی شـــوێنەوارەکانمان کرد لە ناویاندا قەرەئۆغڵان، لە کاتژمێر ٢ پا شنیوەڕۆ گەیشتینە شوێنەواری قەرەئۆغڵان و دە ستمان کرد بە کۆکردنەوە و وێنە گرتنی شوێنەوارەکە، ژمارەکی زۆر گلێنەی ســـەردەمە جیاوازەکانمان کۆکردەوە، تا بتوانین لە توێژینەوەکەمان بەکاری بهێنین، لەڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٢٤/١٢/٢٦ز جارێکی تر سەردانی شوێنەوارەکەمان کردو بە هاوکاری (د.علی هجران) پێوانەی گردەکەمان کرد، بەم شێوەیە کارە مەیدانیەکانمان کۆتایی پێهێنا.

١-٢شوێنی جوگرافی گردی قەرەئوغڵان

گردی قەرەئۆغڵان بە دووەم ناوچەی نیشـــتەجێبوون دادەنرێت لەدووای وێرانبونی ئاســـکی کفری (برادۆســـتی ٢٠١٧،ص١٢)، قەرەئۆغڵان دەکەوێتە دووری (نیو میـل) لە خۆرهەڵاتی شـــاری کفری بڕوانە(ریچ، ٢٠٠٢، ل٤٣)، ئەم شـوێنەوارە دەکەوەێتە ڕۆژهەڵاتی چەمی کفری (عزیز، ٢٠١٣،ل ١٩)، پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆر کەلاوە درێژیەکەی لە باکورەوە بۆ با شور ١٦٥ م لە باکوری ڕۆژهەڵات بۆ باکوری ڕۆژ ئاوا ٥٢م، لە با شوری ڕۆژهەلات بۆ با شوری ڕۆژئاوا تەنها ١٣م، بەرزیەکەشی نزیکەی ٢م دەبێت، لەبەشی باشوری ڕۆژئاوای ئەم شوێنەوارە گردێکی گەورە هەیە کە تا ڕاددەیەک لاکێشـەییە لەباکوری ڕۆژهەڵاتەوەبۆ باشـوری ڕۆژهەڵات ١٣٦م، لە باکوری ڕۆژئاوا بۆ باشـوری ڕۆژئاوا ١٥٠م،لای باکوری ڕۆژهەڵات بۆ باکوری ڕۆژئاوا ٨٧م و لە باشـوری ڕۆژهەڵات بۆ باشـوری ڕۆژئاوا ١١٦م، بەرزیەکەشـی نزیکەی ٥م دەبێت بڕوانە وێنەی ژمارە (١).لە بەهاری ساڵی (١٩٩٥) لە لایەن چەند کە سێکی نا بەرپر سەوە دە ستدرێژی کراوەتە سەر ئەم شـوێنەوارە، هەندێک کەرەسـتەی شـوێنەواریان دەرهێناوە و فرۆشـتویانە، بە وتەی هەندێک لەو شـایەتحاڵانە دراوی سـەردەمی ئەمەوی تیا دۆزراوەتە کە لە دیوێکی ناوی (عبدالملک بن مروان)نوسـراو، ئەمەش ئەوە دەسـەلمێنێت کە لە سەردەمی ئەمەوییەکان قەرەئۆغڵان ئاوەدان بووە (عزیز، ٢٠١٣، ل١٩).




وێنەی ژمارە (١)

شوێنەواری گردی قەرەئۆغڵان لە ئاسمانەوە

سەرچاوەی وێنە بە دەستکاری تویژەوە (https://earth.google.com/web/@34.69115365,44.97718803,233.)

١-٣ ناوی قەوەئوغڵان

قەرەئوغڵان ناوێکی تورکیە، (قەرە) واتە ڕەش (ئوغڵان)واتە کوڕ، (قەرەئوغڵان) بە واتای کوڕە ڕەش دێت(نەریمان، ٢٠٠٧، ل ٥٢)، چەند بۆچونێک هەیە لەسەر ناوی قەرە ئۆغڵان (حەسەن علی سەلیم) پێی وایە قەرە ئۆغڵان پێشتر ناوی (داوی خانە یان دەهۆڵخانە یان دۆڵی خەنە)بووە(سەلیم، ٢٠٠٠، ل٢٦)، بە بۆچونی (مستەفا نەریمان) قەرەئۆغڵان پێشتر ناوی دەهۆڵ خانە بووە تورکە عوسمانیەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ قەرە ئۆغڵان، ئاماژەی بەوەداوە لەو شوێنەدا چەندجارێک سوپای بابانی و سوپای عو سمانی ڕووبەڕووی یەکتربوونەتەوە و شەڕیانکردووە (نەریمان، ٢٠٠٧، ل ٥٢)، بۆچونێکی تر پێی وایە قەرەئوغڵان و دەهۆڵ خانە دوو شوێنی جیا لە یەکترن(عزیز، ٢٠١٣، ل١٩) ئەوەی جێی سەر سوڕمانە ئەم شوێنەوارە دووجار و بە دوو ناوی جیا لە کتێبی المواقع الآثریة فی العراق تۆمارکراوە یەکەمیان لە ١٩٤٣/٢/١ز، بە دۆسیەی ژمارە ١٨١ تۆمار کراوە، دووەم بە ناوی قەرەئۆغڵان لە ١٩٤٥/٤/١٦ لە دۆسیەی ژمارە ٢٩٥ دا تۆمارکراوە، بە بۆچونی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوری نوێ،(١٩٧٠، ص٥، ٢١٩، ٢٢٠)، لەم سەردەمەدا شاری لاخیرو لە چەند دەقێکی سەردەمی ئاشوری نوێ ناوی هاتووە، بە تایبەت لە دوو دەقی مێخی ئاشوربانیپاڵ باسی لاخیروی دووەم دەکات لە کاتی هێرشی حەوتەمی دژی عیلامیەکان، بە بۆچونی نائل حنون گردی قەرەئۆغڵان لەوانەیە لاخیرو بێت؟(حنون، ٢٠٠٩،ص.٣١٤ بۆچونێکی تریش پێی وایە قەرە ئوغڵان لە سەردەمی ئیسلامی بە تایبەتی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە سەردەمی عەباسی و سەردەمانی دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (زەند ئاباد) بە بەڵگەی بونی کۆشکێک بە ناوی (زەنگی) کە دەکەوێتە دووری (٥کم) لە ڕۆژهەڵاتی شـاری کفری لە سـەر شـاخی دەهوڵخانەیە دەکەویتە نێوان شـاری کفری و گوندی دوانزەئیمام، پاشماوە شوێنەوارەکانی ئەم کۆشکە زۆر لەوانەی قەرەئۆغڵان دەچیت(عزیز، ٢٠١٣، ل٢٣)، یەکێک لە بـاپیرانی (عوسـمـانی کوڕی ارطغرل) دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسـمـانی نـاوی قەرەئوغڵان بووە (جـاویش، ٢٠١٧،ص٤٧)،بە بۆچوونی توێژەران ئەم ناوی باپیرە گەرەی (عوسـمانی کوڕی ارطغرل) هیچ پەیوەندیەکی بە ناوی ئەم شـوینەوارەوە نیە چونکە لە ڕووی کاتەوە یەکناگرنەوە، چونکە عوسـمانیەکان لە سـەدەی (١٦) زایندا دەسـتیانگرتووە بەسەر وڵاتی میزۆپۆتامیادا.

٢- گرنگترین ئەو ڕوداوانەی لەم شـوێنەدا ڕوویانداوە قەرەئۆغڵان لەگەڵ ئەوەی دووەم شـوێنی نیشـتەجێ بوون بووە لە دوای ئاسـکی کفری، بەهۆی گرنگی شـوێنەکەیەوە شـاهیدی چەند ڕووداوێکی گرنگی مێژووی بووە کە لە سەردەمانی زوودا ڕوویانداوە لەوانە:

پێش هاتنی ئیسلام ئەم ناوچەیە گۆڕەپانی یەکلایکردنەوەی ململانێکانی نێوان هەردوو ئیمبراتۆریەتی ساسانی و ڕۆمانی بووە،لە ٦/٦ /٣٦٣ ز شـەڕێکی گەورە لە نێوان سـاسـانیەکان و ڕۆمانیەکاندا ڕوویداوە لە نزیک ئەم ناوچەیە بە سـەرکەوتنی سـاسـانیەکان کۆتایی هاتووە (نەریمان،٢٠٠٧،ص٢٠)، بە پێی بەدواداچونەکانی توێژەر بۆمان دەرکەوتووە ئەم شەڕە لە (٢٤-یان ٣٦٣/٧/٢٦) ز لە نزیک سامەڕا ڕویداوە جولیانی ئیمبراتۆری ڕۆمەکان لەم شەڕەدا بریندار بووە و سێ ڕۆژ دوای برینداربوونی مردووە.(DRABIK,2014,p.15).

سـاڵی ٦٣٥ک -١٢٣٨ ز تەتەرەکان عراقیان داگیرکرد گەیشـتنە سـنورەکانی بەغداد لە ناوچەی زەنگاباد ڕووبەڕووی هێزەکانی (مجاهدالدین الدويدار و شـرف الدين اقبال شـەرابی) بونەوە و مەغۆلەکان تێکشـکان.(العزاوی،١٩٣٥، ١٣٧، ١٣٨)، لە ٢١/ جمادی یەکەم ساڵی ١٢٢٧ک /١٨١٢ز هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی و بابانیەکان بە سەرۆکایەتی (عبدالرحمن پاشا) لە قەرەئۆغڵان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە لەم شەڕەدا عوسمانییەکان سەرکەوتن و لەم شەڕەدا (خالید بەگی) برای (عبـدالرحمن پـاشـا) کوژراو هێزی بـابـانیەکـان پەرتەوازە بوون، عوسـمـانییەکـان دەسـتیـانگرت بەسـەر ناوچەکەدا.(العزاوی، ١٩٣٥،ص٢٤٥)، لە دەسـتنوسـێکی مامۆسـتا (عبدالرقيب يوسـف) مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٩٩/٦/٧ز با سی قەڵایەک دەکات لە باکوری تەپەی قەرەئۆغڵان دیوارەکانی لە بەردوو گەچ درو ستکراوە شورایەک بە دەریدا هەیە کە لە بەرد و گەچ دروستکراوە ئەستوریەکەی ١٦٥ سم دەبێت ئاماژە بەوەدەکات کە ئەم شورایە زۆر کۆنە بۆ سەردەمی ئاشوری یان سوبارتو دەگەڕێتەوە؟ بە بۆچونی مامۆستا هێزەکانی (داودپاشا) لەم قەڵایەدا ماونەتەوە و چاڵیان هەڵکەندووە و ڕووبەڕووی (عبدالرحمن پاشا) بونەتەوە و شوێنەکەیان جێنەهێشووە تا سەرکەوتوون. (یوسف، ١٩٩٩/٧/٦).

١-٢ بیناسازی قەرەئوغڵان لە ڕووانگەی ڕیچەوە

ئەم باسـەمان وەک خۆی لە کتێبەکانی (مسـتەر ڕیچەوە) وەرگرتووە لەبەرئەوەی ڕیچ تاکە کەسـە هەڵکۆڵینی لەم شـوێنەدا کردبێت ئەگەر چی هەڵکۆڵینەکەی زانسـتی نەبووە بەڵام. وردەکاری زۆر باشـی خسـتۆتە ڕوو بە تایبەتی لە

وەسفكردنی ناوچەكەو بیناسازی و نەخشی سەردیوار و كەرەستە بەكارهاتووەكان هتد...،(مستەر ریچ) لە ٢٦نیسانی ساڵی١٨٢٠ز سەردانی شوێنەواری قەرەئۆغڵانی كردووە هەڵكۆڵینی تیادا كردووە، بەم شێوەیە باسی شوێنەوارەكە دەكات، (ریچ) دەڵێت لە كاتی ڕۆیشتنم بەرەو ئەو خەرەندەی دەكەوێتە پشتی كفری بە ڕێكەوت هەواڵی چەند كەلاوەیەكم بیست پێی دەڵێن قەرەئۆغڵان بە پەلە ڕووم تێكرد بۆ بەیانیش بۆی چوومەوە، چەند گوندنشینێكم بە پاچ و خاكەنازەوە لەگەڵ خۆم هێنا، نزیكەی چوار سەعاتێك زەویمان هەڵكەند، لە شوێنی ئاوەڕۆیەكدا شوێنەواری بنچینەی چەند دیواریك دەركەوت كە بە هۆی ئاوی بارانەوە دەركەوتبوو، لە یەكێك لەدیوارەكاندا پارچە مەرمەڕیكی ڕەنگ كراومان دۆزیەوە نەخشی لەسەر بوو، لە ئەنجامی هەڵكۆڵین شوێنەواری ژوورێكی بچوكمان دۆزیەوە، لەگەڵ دەرگاكەی، دیوارەكانی ٤پێ نزیكەی (١٢٢) سم بەرز بوو، پانتاییەكەی ١٢پێ چوارگۆش دەبوو واتە ٣،٦٥سم (ریچ، ٢٠٠٢، ل٤٣)، دیوارەكانی لە بەردی گەورەی ڕێك دروستكرابوون و بەردەكان بەڕیز لەسەریەك دانرابوون (هەڵچنرابوو)و دیوارەكانیشی گەچكاری كرابوو نەخش و نیگاریشیان لەسەركرابوو، بە ڕاستی هەندێكیان جوان بوون، وا دیاربوو كاتی خۆی تەختەی ژوورەكە گەچێكی سادەی پیاداكرابێت(Rich,1836,p.342)، چوینە ناو ئەم ژورە هێشتا ساغ بوو، سەرنجماندا شتی ڕەشی تیابوو كە لە خەڵوزی دار دەچوو بەڵام هەرچیمان كرد نەمانتوانی نوسراو یان دراو بدۆزینەوە، بە شێكی ژورێكی ترمان دۆزیەوە كە لەوەی یەكەم با شتر بوو، لەوە دەچوو ئەم دوو ژوورە بە شێك بووبن لە چەندی ژووری تری بچووك، پێدەچیت ژێرخان یان ژێرزەمین بووبن، هەموو یان ڕووەو خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵات و خۆرهەڵات و باكوری خۆرهەڵات درێژبوونەتەوە، شوێنەواری پێنج شەش ژوورمان بینی، بۆمان دەركەوت كۆڵەكەی بچووك و خڕیان خراوەتە ژێر. (ریچ، ٢٠٠٢، ل٣٢٨).


لەسەر گرد و تەپۆڵكە و لاشانەكانیدا تا دامێنیەكەی پاشان تا بەرامبەر شاری كفری شوێنەواری خانوو هەیە كە زۆربەیان وەك خانووەكانی قەسری شیرن و حەوشكرۆو ژێرخانی چوارگۆشەیان هەیە كە زۆر بەرز نین، پانتایی ئەم كەلاوانە نزیكەی میلێك و پانیەكەشی چارەكە میلێك دەبێت(ریچ، ٢٠٠٢، ل٤٤).

لەكاتی ڕوپێویكردنی شوێنەواری قەرەئۆغڵان. تێبینی ئەوەمان كرد دیواری خانووەكان بە شێوەیەكی ئەستور دروستكرابوون كە ئەستوریان لە نێوان (٤٠-٦٠)سم دەبێت، لە بەردی ناڕێك و قسل دروستكراون ئەم بەڵام ناوەوەی خانووەكان زۆر بەجوانی گەچكاری كراوە بەجۆرێك كە ناڕێكی بەردوو قسڵكە دیار نەماوە، بە هەمانشێوە ڕووی دەروەی دیوارەكانیش بە قسڵ یان بە گەچ سواغ دراوە و ڕێكخراوەتەوە، ئەم شێوازی بەكارهێنانی بەرد و قسڵ و گەچە لەگەڵ شێوەی بڵاوبونەوەی خانووەكان هاوشێوەی بیناكەی دەربەندی بازیانە.(عزیز،٢٠٠٢،ص١١).

٢-٢ نەخش و نیگاری ناو ژورەكان:

ئەوەی جێی سەرنجە دیواری بەشێك لەم ژورانە نەخش و نیگاریان لەسەر بووە بە تایبەت بنمیچی ژورەكان بە ڕەنگێكی سوری تێر ڕەنگكرابوو نەخشی گوڵی عەرەبی لەسەركێشرابوو هێڵە سەرەكیەكانی نەخشەكە بەڕەنگی ڕەش ڕەنگكرابووڕەنگی سوری گەش بە دەوریدا بوو بڕوانە وێنەی ژمارە (٢)،ریچ ئەڵێت: زۆر سەرسام بووم چونكە پێشتر نەمبیستبوو بیناسازی ئێرانی نەخشی ئیغریقی كرابێت،(Rich,1836,p.342, 343 )، ئەم نەخشە بریتیە لە گەڵای

مێوی پێچ لایی کە لەناو بازنەدایە هاوشـێوەی بنچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هونەری هلنسـتیی، لەسـەردمی ئەمەوی (٤١-١٣٢) ک، زۆر گرنگی پێدراوە، هاوشێوەی ئەم نەخشە لە سەر دەرگای تکریت دەردەکەوەێت کە لە مۆزەخانەی بناکی لە ئەثنا پارێزراوە مێژووەکەی دەگەڕیتەوە بۆ سەردەمی ئەمەوییەکان.(حسن،١٩٥٦، ص٤٣٤)



وێنەی ژمارە (٢)

نەخشی سەردیوای خانووەکانی قەرەئۆغڵان کە لەلایەن مستەر ڕیچ کێشراوە Rich,1836,p.343

جگە لەم نەخشـــانەی کە ڕیچ باســـی کردووە لەکاتی هەندێک نەخشـــی ترمان بەرچاوکەوت کە لەســـەرگەچەکە بەشـــێوەی ڕوشـــاندن ڕووی ناوەوەی ژورەکەیان نەخشـــاندووە بەداخەوە بەهۆی خراپی و تێکچونیانەوە تەنها هێڵە بازنەیەکان دیارن کە هەریەکەیان لە سێ یان چوار هێڵی بازنەیی پێکهاتوون لە ناو یەکدا(بڕوانە وێنەی ٣)



وێنەی ژمارە (٣)

نەخشی سەردیوای خانووەکانی قەرەئۆغڵان

توێژەر

٣- گڵێنەکانی گردی قەرەئۆغڵان

ئەم باسەمان تایبەت کردووە بەو گڵێنانەی لە شوێنەواری قەرەئۆغڵان کۆمانکردۆتەوە، لە (٣٢) پارچە پێکهاتبوو، لەم توێژینەوەیەدا (١٧) پارچەمان بەکارهێناوە، نەمانتوانی سود لە (١٥)پارچەیان وەربگرین لەبەرئەوەی (١٠) پارچەیان لا شە(بدن) بوون و نەخشیان لە سەرنەبوو، (٥) پارچەیان دە سکی گۆزە بوون، با سی شێوازی درو ست کردن و جۆری نەخشەکانمان کردووە دابەشکاری پێویستمان بۆ ئەنجامداوە، خشتەمان دروستکردووە بۆ تۆمارکردنی گڵێنەی هەڵبژێردراوەکان و جۆر و شێوە و ئاراستەی پارچەکان ڕەنگی ڕووکاری دەرەوەیان ئایا ڕووپۆش کراون یان نا؟، بەراوردکاری پێویستمان کردووە بۆ دیاریکردنی سەردەمەکانیان و هاوتەریبەکانیانمان داناوە، هێڵکاری پێویست بۆ نمونەی گڵێنەی هەڵبژێردراوە کان کراوە، پێکهاتەی هەویری(قوڕ) گڵێنە هەڵبژێراو کانمان باسکردووە، سەرنجمان خستۆتە سەر ڕادەی بەرگری قورەکەو پێکهاتەکەی و ڕاددەی مادەی ئە ندامی و کانزایی لە ناو قورکەدا، هەروە ها ڕاددەی سوورکردنەوەنەوە و ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەیان و ئەستوریی دیواری گڵێنەکانمان خستۆتە ڕوو.

هەروەها فەرهەنگۆکی تایبەتمان بۆ گڵێنەکان دروستکردووە (خشتەی ژمارە ١).

| English | کوردی |
|---|---|
| Citation | هاوتەریبی |
| Technique | شێواز و ڕێگای دروستکردن |
| Exterior Color | ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە |
| Exterior Surface Treatment | چارەکردنی ڕووڕکاری دەرەوە |
| Decoration | نەخش و نیگار |
| Type and Shape and Orientation of Sherd | جۆر و شێوە و ئاڕاستەی پارچەکە |
| sherds number | ژمارەی پارچەکان |
| Qara Oghlan – Collection - Sherd Number | Q O – C- 001 |


خشتەی ژمارە (١)

فەرهەنگۆک Glossaryی

تایبەت بەو گڵێنانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێندراون


٣-١ڕێبازی لێکۆڵینەوەی پەیڕەوکراو

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد (١٧) پارچەمان هەڵبژاردووە بۆ ئەم توێژینەوەیە، پێکهاتووە لە ٥ پارچە لاشە ( Body Sherd) و ١ پارچە بنکە(Base) و ١١ پارچەیان لێو یاخود لێوار (Rim)، ئاراستەی لێوەکانیش ( Orientation of the Rim) دابەشدەبن بەسەر ئاراستەی لێوی ڕێک(Straight)، لێوی داخراو(Incurved) و لێوی کراوە (Everted). بۆ بەرچاوڕونی زیاتر لە ڕێژەی ئاراستەی لێوەکان، بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١).




هێڵکاری ژمارە(١)
ڕێژەی ئاڕاستەی لێوەکان دەخاتەڕوو

شێوازی درو ستکردنی گڵێنەکان جیاوازە، و دابە شدەبن بە سەر شێوازی چەرخە درو ستکراو (Wheel Made)، بە مارمارۆکە درو ستکراو (Coil Made) و بەدە ست درو ستکراو (Handmade). بۆ بەرچاوڕونی زیاتر لە ڕێژەی شێوازی دروستکردنی گڵێنەکان، دەڕواندرێتە هێڵکاری ژمارە(٢).





هێڵکاری ژمارە (٣)
ڕێژەی جۆری نەخشەکان

بەهەمان شێوە، نەخشەکانیش ٥ جار نەخشی هێڵی قووڵکراو(Groove)، ٢ نەخشی برین (Incision) و شانەکراو (Combed)، ٢ نەخشی فشارلێکراو (Impressed)، ٢ نەخشی بۆزیادکراو(Apply)، ١ نەخشی شوێن پەنجە/پەنجەکێش (Finger Trace)، ١ نەخشی لارە هێڵ(Slash)، ١ نەخشی کەلکراو (Notched)، ١ نەخشی بۆیەکراو (Painted)، ١نەخشی شانەی هەنگوین(Honey Comb) و ١نەخشی مۆرکراو(Sealed)لەسەر گڵێنەکان دەردەکەون، بۆ بەرچاوڕونی زیاتر لە ڕێژەی جۆری نەخشەکان دەڕواندرێتە (هێڵکاری ژمارە- ٣).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




هێڵکاری ژمارە(٢)

ڕێژەی شێوازی دروستکردنی گڵێنەی وەرگیراوی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو.

بۆ بەرچاوڕونی زیاتر لە جۆر و شـــێوە و ئاڕاســـتەی پارچەکان، نەخش و نیگار، مامەڵەی ڕووکاری دەرەوە، ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە، شێوازی دروستکردن، سەردەم و هاوتەریبیەک بڕوانە (خشتەی ژمارە- ٢).

خشـــتەی ژمارە-٢ : جۆر و شـــێوە و ئاڕاســـتەی پارچەکان، نەخش و نیگار، چارەکردنی ڕووکاری دەرەوە، ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە، شێوازی دروستکردن، و سەردەم و هاوتەریبیەک دەخاتەڕوو.

| ژمارەی پارچەکان | جۆر و شێوە و ئاڕاستەی پارچەکە | نەخش و نیگار | چارەکردنی ڕووکاری دەرەوە | ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە | شێوازی دروستکردن | سەردەم و هاوتەریبی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Q O – C – 001 | لێوی گۆزە، جوت لێو، لێوی داخراو. | هێڵی قوڵکراو و بڕین | نییە (ڕوشاندن لە ڕووی ناوەوە) | 5Y 8/2 زەردی کاڵ/ پەڕیو | مارمارۆکە | سەردەمی ساسانی. Kolinski,2022, PL.PP.166.1-A21. & Ur,2014, T15/5:14 |
| Q O – C – 002 | لێوی گۆزە، جوت لێو، لێوی داخراو. | هێڵی قوڵکراو | نییە | 2.5YR 7/6 سوری کراو | مارمارۆکە | سەردەمی ساسانی. Kolinski,2022, PL.PL.113.1-24. & قادر،٢٠٢٢، هێڵکاری ژمارە:٢٩-٢. |
| Q O – C – 003 | لێوی گۆزە، لێوی تەختی سێگۆشە، لێوی داخراو. | هێڵی قوڵکراو | نییە | 7.5YR 7/4 پەمەیی | مارمارۆکە | سەردەمی ساسانی. avagnin, Katia, et al.,2016, Fig:25-5. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەردەمی ساسانی. قادر،٢٠٢٢، هێڵکاری ژمارە:١٤-١٦. | چەرخە | 2.5Y 8/2 قاوەیی کاڵ/ پەڕیو | نییە | نییە | لێوی قاپی قوڵ، لێوی لاکێشەیی تەخت (ڕەفە)، لێوی کراوە. | Q O – C - 004 |
| سەردەمی ساسانی. Kolinski,2022, PL.PP.146.1- D 18. | چەرخە | 2.5Y 8/2 قاوەیی کاڵ/ پەڕیو | نییە | هێڵی قوڵکراو | لێوی گۆزە، لێوی ئەستورکراو، لێوی کەمێک داخراو . | Q O – C - 005 |
| سەردەمی ساسانی. قادر،٢٠٢٢، هێڵکاری ژمارە:٤-٥. & Starr ,1937, Plate.137.F. | مارمارۆکە | 5Y 8/3 زەردی کاڵ/ پەڕیو | نییە | لارەهێڵ و کەلکراو و بڕین | لێوی گۆزە، لێوی لۆچکراو، لێوی داخراو . | Q O – C - 006 |
| سەردەمی ساسانی. قادر،٢٠٢٢، هێڵکاری ژمارە١:٤. & Tamm et al.,(2018),Abb.33a. | چەرخە | 2.5Y 8/3 قاوەیی کاڵ/ پەڕیو | نییە | نییە | لێوی گۆزە، لێوی قەدکراو، لێوی داخراو . | Q O – C - 007 |
| سەردەمی ساسانی. Kolinski,2022, PL.PP.146.2- C 17. & PL.PP.166.1- A17. SABER ET AL, & 2014, Fig:16-7. | مارمارۆکە | 10YR 8/2 قاوەیی زۆر کاڵ/ پەڕیو | نییە | هێڵی قوڵکراو | لێوی گۆزە، لێوی خڕی ئەستورکراو، لێوی داخراو . | Q O – C - 008 |
| سەردەمی ساسانی. قادر،٢٠٢٢، هێڵکاری ژمارە:٩-٧. | چەرخە | 5Y 8/2 زەردی کاڵ/ پەڕیو | نییە (کلس لە ناوەوە) | فشارلێکراو | لێوی دەفری کۆگاکردن، لێوی چوارگۆشەی ئەستورکراو، | Q O – C - 009 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | لێوی کراوە. | | | | | |
| Q O – C - 010 | لێوی گۆزەی کۆگاکردن، لێوی تەختی سادە، لێوی ڕێک. | بۆزیادکراو (شانەی هەنگوین) | نییە | 5Y 8/2 زەردی کاڵ/ پەڕیو | مارمارۆکە | سەردەمی ساسانی و سەرەتای ئیسلامی. Kolinski,2022, PL.DF.113.1-A33 & A34. PL.DF.142.1-A10 & A11. & Nováček, 2022, Fig:7. & Simpon,2022, FIG:22-6. & Starr ,1937, Plate.137.A. |
| Q O – C – 011 | لێوی گۆزە، لێوی خڕی سادە، لێوی کراوە. | فشارلێکراو | نییە (ڕوشاندن لە ڕووی ناوەوە) | 2.5Y 8/1 سپی | مارمارۆکە | سەردەمی ساسانی. Kolinski,2022, PL.DF.160.2-A50. & Alexander Tamm-Kazhaw - B-176-2-1. |
| Q O – C – 012 | لاشەی نەخشێنراو | پەنجەکێش (فشار) | نییە | 5Y 8/2 زەردی کاڵ/ پەڕیو | مارمارۆکە | کۆتای سەردەمی ساسانی. Simpon,2022, FIG:21-11. & Ur,2014, T16/10:8 |
| Q O – C – 013 | لاشەی نەخشێنراو | بڕین (شانەکراو) و بۆزیادکراو | نییە | 5Y 8/2 زەردی کاڵ/ پەڕیو | مارمارۆکە | سەردەمی ساسانی. قادر،٢٠٢٢، هێڵکاری ژمارە:٩-٨. |
| Q O – C – 014 | لاشەی نەخشێنراو | بۆیەکراو (پیتی ئەبجەدی) | ڕووکاری دەرەوە خزکراوە؟ و ڕووکاری ناوەوە قیرپۆش | 10YR 8/3 قاوەیی زۆر کاڵ/ پەڕیو | دەست | سەردەمی ئیسلامی. |




***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Q O – C – 015 | لاشەی نەخشێنراو | شانەی هەنگوین | نییە | 7.5YR 8/1 سپی | مارمارۆکە | سەردەمی ساسانی. avagnin, Katia, et al.,2016, Fig:25-11. |
| Q O – C – 016 | لاشەی نەخشێنراو | مۆرکراو | لوسکراو | 5Y 8/3 زەردی کاڵ/ پەڕیو | مارمارۆکە | سەردەمی ساسانی. قادر،٢٠٢٢، نمونەی ژمارە:١٨. SABER ET AL, & 2014, Fig:14-1.& Simpson, 2013, Fig: 4-19. |
| Q O – C – 017 | بنکی شکاوی بەرزە پەداخ | نییە | نییە | 5Y 8/3 زەردی کاڵ/ پەڕیو | چەرخە | سەردەمی کاشی. رحیم، ٢٠٢٢، هێڵکاری ژمارە:٥٤. |




***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




هێڵکاری نمونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی قەرەئۆغڵان



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




هێڵکاری نمونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی قەرەئۆغڵان

**٣-٣ قوڕ و پێکهاتەی گڵێنەی شوێنەواری قەرە ئۆغڵان**

گڵێنەی قەرە ئۆغڵان بەگشتی بە ٣ شێواز دروستکراون، بە چەرخەی گڵێنەسازی دروستکراو (Wheel Made)، بە مارمارۆکە دروستکراو (Coil Made) و بەدەست دروستکراو (Handmade).

بەگشتی ئەو گڵێنانەی بە ڕێگای چەرخەی گڵێنەسای دروستکراو و مارمارۆکە دروستکراون داشۆڕاو و زبر (Rough) و لماوین (Gritty)، جگەلەوە بەگشــتی ڕووکاری دەرەوەیان هیچ چارەیەکی (Exterior Surface Treatment) بۆ نەکراوە، جگەلە پارچەی ژمارە - Q O – C – 016 کە خزکراوە (ساف) (Smooth)، هەروەها سورکردنەوەیان (Firing) باشە و ئۆکسێنراون(Oxidized).


**١. گڵێنەی شێوازی چەرخەی گڵینەسازی (Wheel Made):**

بەم ڕێگایە ٥ پارچە بەرهەم هاتوون، ٢ پارچەیان دەم داخراون و لێوی گۆزەن، و ٣ پارچەیان دەمکراوەن و لێوی قاپی قوڵ و لێوی دەفری کۆگاکردن و بنکی پەرداخی بەرزە(Goblet).

قوڕیان یاخوود Fabric زیاتر باوە(Common) و بەرگرییان بەهێزە(Hardness)(David,2022, 27)، ڕێژەیەکی بەرچاو دەنکە لم یاخود کانزا (Mineral) لەخۆدەگرن بە ڕەنگی ڕەساسی، ڕەش، سوور و سپی، بەڵام بە بڕی جیاواز و بە قەبارەی ورد. تێکەڵکردنی مادەی ئەندامی(پوش و کا) دەگمەنە(بڕوانە وێنەی مایکرۆکامێرای ژمارە - ٤).

هەروەها ســوورکردنەوەیان باشــە و ئۆکســێنراون(Oxidized)، بە گشــتی ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەیان (Exterior and Interior Color) هەمان ڕەنگە و بریتییەلە قاوەیی کاڵ(یاخود قاوەیی پەڕیو)، زەردی کاڵ(یاخود زەردی پەڕیو).

ڕووکاری دەرەوەیان هیچ چارەیەکی(Exterior Surface Treatment) بۆ نەکراوە، هەروەها یەک پارچە( Q O – C – 009) بە ڕێژەیەکی کەم کلس گرتویەتی. لەگەڵ ئەوە شدا بەگشتی ئە ستوری دیواریان لە نێوان باریک(٢-٤ ملم)، ئەستور(١٠ملم)، ئەستورتر(١٧ ملم).



وێنەی ژمارە (٤)

ڕێژەی کانزا نیشاندەدات لە ناو پێکهاتەی قوڕەکە(پێوانەی وێنەکە= ٤ملم).

توێژەر

**٢. گڵێنەی دروستکراو شێوازی بە مارمارۆکە (Coil Made):**


بەم ڕێگایە ١١ پارچە بەرهەم هاتوون، ٧ پارچە لێوە ٦ پارچەیان دەم داخراون و لێوی گۆزەن، و ١ پارچەیان دەمکی ڕێکە و لێوی گۆزەی کۆگاکردنە، هەروەها لاشەکان لاشەی گۆزە یاخود گۆزەی کۆگاکردنن.

قوڕیان یاخوود Fabric زیاتر باوە (Common) و بەرگرییان بەهێزە. بەهەمان شـێوەی ئەو گڵێنانەی بە چەرخە دروسـتکراون ڕێژەیەکی بەرچاو دەنکە لم یاخود کانزا (Mineral) لەخۆدەگرن بە ڕەنگی ڕەسـاسـی، ڕەش، سـوور و سـپی، بەڵام بە بڕی جیاواز(زۆرتر) و بە قەبارەی بچوک و مام ناوەند، هەروەها شـێوەی وردە زیخەکانیش کەشـکاون دەردەکەون کە قوڕەکەی مادەی کانزاییان بۆ زیادکرابێت(بڕوانە وێنەی مایکرۆکامێرای ژمارە - ٥).

شوێنەواری مادەی ئەندامی لە ٥ پارچەیاندا دەردەکەوێت بە شێوەی لاکێشەیی کە لاشەی گۆزە یاخود لێوی گۆزەی کۆگاکردنن (عثمان، ٢٠٢٢، ل ٩٣، ٩٤).

هەروەها سـوورکردنەوەیان باشـە و ئۆکسـێنراون(Oxidized)، بە گشـتی ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەیان (Exterior and Interior Color) هەمان ڕەنگە و بریتییەلە زەردی کاڵ یاخود زەردی پەڕیو(٥ پارچە)، سپی(٢ پارچە)، سوری کراوە، پەمەیی، و قاوەیی زۆر کاڵ.

تەنها ڕووکاری دەرەوەی یەک پارچە (پارچەی ژمارە - Q O – C – 016) خزکراوە (Smooth) و پارچەکانی تر چارە یاخود چارەسەریان بۆ نەکراوە، و ئەستوری دیواریان لە نێوان مام ناوەند(٥ پارچە) و ئەستور(٦ پارچە).



وێنەی ژمارە (٥)

ڕێژەیەکی بەرچاو کانزا نیشاندەدات لە ناو قوڕی گڵێنەکان(پێوانەی وێنەکە= ٤ملم).

توێژەر

**ج- گڵێنەی بە دەست دروستکراو(handmade):**

بەم ڕێگایە تەنها ١ پارچە(Q O – C – 014) بەرهەم هاتووە، لاشـــەیەکی نەخشـــێنراوە بە شـــێوازی بۆیەکراو (Painted) و بە پیتی ئەبجەدی لەســەری نوســراوە. جۆری قوڕەکەی باوە و بەرگریی باشــە. ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەنکە کانزا بە قەبارەی جیاواز و مادەی ئەندامی لەخۆدەگرێت (بڕوانە وێنەی مایکرۆکامێرای ژمارە – ٦).

هەروەها ســـوورکردنەوەی باشـــە و ئۆکســـێنراوە، بەگشـــتی ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەی هەمان ڕەنگە و بریتییەلە زەردی کاڵ. ڕووکاری دەرەوەی لوســـکراوە(Smoothing)، لەگەڵ ئەوەشـــدا بە قیر ڕووکاری نـاوەوەی ڕووپۆشکراوە، پێدەچێت گۆزەی کۆگاکردنی بچووک(Small Storage Jar) بێت، هەروەها ئەم ڕووپۆشکردنە لە جۆری گۆزەی (Torpedo Jar) دا زۆر جار بەکاردەهێنرێت کە گۆزەیەکی گەورەیە و بۆ گواســـتنەوەش بەکاردێت(7-f ,159 Kennet, (2002),؛Northedge, et al., 1988, fig 38-14).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە تۆمـارە شــوێنەوارییەکـان ژمـارەیەکی زۆر لەم جۆرە گۆزەیە (Torpedo Jar) وەک دەفر و لەخۆگری مەی دۆزرانەتەوە (Nováček, (2022), 140)، هەروەها ئەستوری دیواری مام ناوەند(٦ ملم) ە.



وێنەی ژمارە (٦)

ڕێژەیەک کانزا نیشاندەدات لە ناو قوڕی گڵێنەکان (پێوانەی وێنەکە= ٤ملم).

توێژەر

**ئەنجام**

پاش تەواوکردنی توێژینەوەکە گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە.

1 – قەرەئۆغڵان یەکێکە لە شـوێنەوارە دیارەکانی شـاری کفری دووەم شـوێنی نیشـتەجێبوونە لە دووای ئاسـکی کفری، مێژوویەکی گرنگی ناوچەکەی لە ناو خۆیدا حەشـارداوە، بەهۆی ئەوەی هەڵکۆڵینی شـوێنەواری بەشـێوەیەکی زانستی تیادا ئەنجام نەدراوە نەتواندراوە ئەو مێژووە ڕوونبکرێتەوە.

2 – قەرە ئۆغڵان لە دوو بەشـی سـەرەکی پێکهاتووە بەشـی ڕۆژهەڵاتی شـوێنەوارەکە ژمارەیەکی زۆر کەلاوە و شوێنەواری بینا سازی تیادا بڵابۆتەوە کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە ١ کم٢ دەبێت لەم ناوچەیە ژمارەیەکی زۆر گڵێنە بە سەر ڕووی زەویەکەدا بڵاوبۆتەوە کە زیاتر گڵێنەکانی هاو شیوەی گڵینەکانی سەردەمی سا سانین، بە شی باکوری ڕۆژئاوای شوێنەوارەکە گردێکی گەورەیە کە بەرزیەکەی زیاتر لە ٤م دەبێت، لە سەر ئەم گردە گڵێنەی سەردەمی ئیسلامی زیاتر بڵاوە.

3 – خانووەکانی قەرەئۆغڵان لە بەردوو قسڵ و گەچ دروستکراوون بەردەکانی قەبارەیان جیاوازە و ناو ژوورەکان گەچکاری کراون و نەخش و نیگاریان لەســەرکراوە هەندێکیان بە بۆیە دروســتکراون هەندێکیشــیان بە ڕوشــاندن دروستکراون.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

4 – گڵێنەکانی قەرەئۆغڵان بە سێ ڕێگای جیاواز دروستکراون کە بریتین لە ڕێگای مارمارۆکە (لولپێچی) کە زۆرینەی ئەو گڵێنانەی لەم تویژینەوەیەدا بەکارهاتوون بەم ڕێگایە دروستکراون کە ژمارەیان (١١) پارچەیە، دوای ئەویش ڕێگای چەرخەی گڵێنەسازی دێت کە (٥) پارچەش بەم ڕیگایە دروستکراوە، تەنها (١) پارچە بە دەست دروستکراوە.

5 – ئەو گڵێنانەی بەکارمانهێناون زۆرینەیان نەخشیان لەسەرە کە زیاتر نەخشی هێڵی بە شێوەی قوڵکردن دروستکراون هەندێ نەخشیش بە فشارلێکردن یان بۆ زیادکرن یان نەخشی شانەکراو و شانەهەنگ و هتد...جگە لەم نەخشانە تەنها یەک گڵێنەی بۆیەکراومان هەیە.

6 – یەکێک لە گڵێنەکان بە مۆری ڕوتەخت مۆرکراوە جێ مۆرەکەی لەسەرگڵێنەکەیە بریتیە لە دیمەنی ئاسکێکی باڵدار، هاوشێوەی ئەم مۆرە ڕوتەختانە لە سەردەمی ساسانی هەیە.

7 – سەبارەت بە سەردەمی شوێنەواری قەرەئۆغڵان ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە بیناسازی قەرە ئۆغڵان لە سەردەمی ساسانی تا سەردەمی ئیسلامی بەردەوام بووە، ئەمەشمان لە ڕێگەی کەرەستەی بیناسازی و نەخشی سەر ژوورەکانەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە، هەروەها گڵێنەکانیش هەمان شتیان پشتڕاستکردەوە کە لە کۆی (١٧) پارچە گڵینەی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەی، تەنها (١) پارچە بۆ سەردەمی کاشی دەگەڕێتەوە کە نازانرێت چۆن ئەم گڵینەیە گەیشتۆتە ئەم شوێنە؟ (١٤) پارچە گڵینە بۆ سەردەمی ساسانی دەگەڕێتەوە، (٢) پارچە بۆ سەردەمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە.

### لیستی سەرچاوەکان


➢ سەرچاوە کوردیەکان

١- برادۆستی، زێدان و احمد، هونەر فخرالدین (٢٠٢٧) بازاڕی کۆنی شاری کفری، چاپخانەی زنکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢- رحیم، ئامانج حەمەامین(٢٠٢٢) گڵێنە و بیناسازی دێکۆن"، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، پێشکەشکراوە بە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

٣- ڕیچ، کلودیوس جێمس(٢٠٠٢) گەشتنامەکەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و.محمد حمە باقی،چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٤- سەلیم حەسەن علی (٢٠٠٠) کفری شاریبەرەبەیانی مێژوو و لە یادکراوی ئەمڕۆ، گۆڤاری هەزارمێر، ژمارە ١١، ساڵی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

٥- قادر، زانا عبدالکریم (٢٠٢٢) گڵێنەی سەردەمی ساسانی(٢٢٤-٦٥١ ز) لە ناوچەکانی شارەزوور و بازیان و ڕانیە و مەرگە(نمونەی هەڵبژێردراو) "، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، سلێمانی.

٦- عزیز، سهیل خورشید(٢٠١٣)مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، چاپی یەکەم.

٧- نەریمان. مصطفی (٢٠٠٧) شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ/١٩٢٠، چاپخانەی ڕۆژ، چاپی دووەم، کەرکوک .

٨- یوسف،عبدالرقیب، یاداشتنامەیکەی لە ١٩٩٩/٧/٦ز نوسیویەتی.

➢ سەرچاوەکان عەرەبیەکان

٩- العزاوی،عباس (١٩٣٥) تاری العراق بین احتلالین، الجزء ١، مطبعة بغداد.

١٠- حنون،نائل (٢٠٠٩)مدن قدیمة و مواقع اثریة دراســة فی الجغرافیة التاریخیةللعراق الشــمالیة خلال العصــور الاشوریة، الطبعة الاولی، دمشق.

١١- بدون مؤلف (١٩٧٠) المواقع الآثریة فی العراق، مطبوعات مدیریة الآتآر العامة،بغداد.

١٢-جاوش، سلیمان خلیل بطرس (٢٠١٧) التحفة السنیة فی تاریخ القسطنطینیة، مؤسسة هنداوی، المملکة المتحدة.

١٣- حسن.زکی محمد(١٩٥٦) اطلس الفنون الزخرفیة والتصاویر الاسلامیة،مطبعة جامعة القاهرة.

١٤- عزیز، سهیل خورشید (٢٠٠٢) صفحات من تاریخ منطقة کفری، مطبعة مرکز تەما، السلیمانیة.

➢ سەرچاوە بیانیەکان

1٥- David, Romain, 2022, Concise Manual for Ceramic Studies from the Nile Valley to the Middle east. PBtisk presses, Czech Republic.

1٦- Gavagnin, Katia, et al., (2016). “The Land of Nineveh Archaeological Project: The Ceramic Repertoire from the Early Pottery Neolithic to the Sasanian Period”. *BASOR*, Vol.375, No.1.

1٧- DrabikI, Adrian(2014) “Ostatnia bitwa cesarza Juliana (24–26 lipca 363 r.) ”, Acta Universitatis Lodziensis. Folia historica 93.

1٨-Kennet, Derek, (2002). “Sasanian Pottery in Southern Iran and Eastern Arabia”. *Iran*, Vol.40.

1٩- Koliński , Rafal, (2022). “Catalogue of Archaeological Sites, The Upper Greater Zab Valley ”. Harrassowitz Verlag Wiesbaden.

٢٠- Northedge, Alastair, et al., 1988. *Excavation at 'ĀNA, QAL'A Island*, with contributions by Dr. Bahija Isma'il, et al., British School of Archaeology in Iraq and the Directorate of Antiquities, *Iraq* Archaeological *Reports – 1*.

2١- NováčeK, Karel,)2022). “The Sasanian to Islamic Transition in Northeastern Mesopotamia: A Ceramological View,”(eds)., Raffaella, Pierobon Benoit, et al., *Exploring ‘Dark Ages’, Archaeological Markers of Transition in the Near East from the Bronze Age to the Early Islamic Period*. *Studia Chaburensia*, Vol.10.

٢٢- Rich,Claudius James (1937) Residence in Kurdistan and of the site of ancient Nineveh, London.

23- Simpson, St John, (2013). “Rams, Stags and Crosses from Sasanian Iraq: Elements of a Shared Visual Vocabulary from Late Antiquity,” (eds) Peruzzetto, Alessandra, et al., Animal, Gods and Men from East to West, BAR International Series 2516.

24- Simpson, St John, (2022). Sasanian Archaeology Settlements Environments and Material Culture. Archaeopress Archaeology.

25- Starr, Richard. R.F., (1937). *Nuzi Report on the Excavations at Yorgan Tepa near Kirkuk, Iraq. Conducted by Harvard University in Conjunction with the American School of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931*, Vol.2. Plate 136-137.

26- Tamm, A., et al., (2018).“Ausgrabungen in Gird-i Kazhaw (Iraqi-Kurdistan) 2015–2017”. *MDOG*.150 .

27- Ur, Jason, 2014. *Working Ceramic Typology*. Cambridge, Massachusetts, USA, 7th Edition.

➢ سەرچاوەی ئەلکترۆنی

28- https://earth.google.com/web/@34.69115365,44. 5/1/2025